# بەشداری وەفدی سەنتەری بەرگری لە  مافەکانی منالان لە کۆنفراسی هاوپشتی لە کۆنگرەی ئازادی عیراق  لە وولاتی یابان




ۆژانی 28 و 29-01-2006 لە شاری تۆکیۆی یابان  ،کۆمیتەی هاوپشتی لە مقاوەمەی مەدەنی لە عیراق لە پیناو کۆتایی
ینان بە داگیر کاری وگیرانەوەی مەدەنیەت  بۆ عیراق- زینکۆ- ،کۆنفرانسیکی نیو نەتەوەیی ریکخست بۆ پشتیوانی لە
کۆنگرەی ئازادی عیراق ، کەتیایدا نوینەری چەندین ریکخراوی جۆراو جۆری وولاتەکانی –ئەمریکا ،فەرەنسا ،
کۆریا،ئەندەنوسیا، فیلیپین،یابان _ تیایدا بەشدار بوون ، هەروەها وەفدیکی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەو کۆنفرانسەدا بەشدار
وو کە پیك هاتبوو لە بەریزان – سمیر عادل سکرتیری کۆنگرەی ئازادی عیراق، علی عباس سکرتیری کۆنگرەی ئازادی عیراق لە
ەسرە، ندی موئەیەد جیگری سکرتیری ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق،وهەروەها وەفدیکی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی
افەکانی منالان لە عیراق و سەناریا هەیسەم کە منالیکی تەمەن 8 سالەیە و لە شاری کرکوکەوە هاتبوو. منالانی عیراق بەشداری
ەم کۆنفرانسەیان کرد کە پیك هاتبوو لە بەریز ئازاد احمد  سەرپەرشتیاری سەنتەری بەرگری لە
ەو کۆنفرانسەدا کاتی تایبەت تەرخان کرابوو بۆ وەفدی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان ولە دووەم رۆژی کۆنفرانسدا ئازاد
حمد ووتەیەکی پیش کەش بە ئامادەبووانی کۆنفرانس کرد و تیایدا تیشکی خستە سەر وەزعی مەینەت باری ئەمرۆی منالانی
عیراق ولەم بارەیەوە بە ئەرقام و ئاماری رەسمی ئاماژەی بە چەندین لە کیشەکانی منالان دا، بە دوای ئەمەشدالە سەر کارو
چالاکیەکانی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان کە لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا لە عیراق و لە دەرەوەی وولات ئەنجامی



داوه
، قسەی کرد و لە بەشی کۆتایی ووتەکەیشیدا لە سەر بەرنامەی داهاتووی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە عیراق و دەرەوە ی عیراق دوا.کە تیایدا بانگەوازی کۆنفرانس و ریکخراوە بەشدارەکان وخەلکی یابانی کرد کە هاوکاری منالانی عیراق و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان بکەن و پیشنیاری کردنەوەی خانەی بی سەرپەرشتان – شلتەر– ی کرد لە شارەکانی بەغداد و کرکوك وسلیمانی ، وەك ریگا چارەیەکی فەوری بۆ ئەو منالانەی کە لە عیراقدا لە ئاکامی شەر و داگیر کاریەکانەوە بی سەر پەرشت بوون.–لە گەل ئەم راپۆرتەدا دەقی قسەکانی بەریز ئازاد احمد دەخویننەوە–.
هەروەها سەناریا هەیسەم لە دوای ئەوە هاتە سەر شانۆی کۆنفرانس و بە زمانی منالانەی خۆی باسی لە کیشە و ناخۆشی و گرفتەکانی منالانی عیراق کرد.
کە قسەو باسەکانی ئازاد احمد و سەناریا هەیسەم جیگەی پیشوازی گەرمی بەشدارانی کۆنفرانس بوو ، وە بە چەپلە ریزان پیشوازیان لی کرا و لە لایەن بەشدارانی کۆنفرانسەوە ئامادەیی دەربردرا بۆ هاوکاری کردنی ماددی و مەعنەوی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی عیراق لە پیناو کۆتایی هینان بە وەزعی خراپی منالان لە عیراق
هەروەها لە دوای کۆنفرانسەکە چەندین دیدار و چاوپیکەوتن لە نیوان وەفدی سەنتەر و باقی وەفدە بەشدار بووەکانی تر کرا و لە لایەن میدیای وولاتی یابانەوە چاوپیکەوتن لە گەل وەفدی سەنتەر کرا و لە سەر وەزعی منالانی عیراق و کارو چالاکی و بەرنامەی داهاتووی سەنتەر لە عیراق و روانگە و تیروانینی سەنتەر سەبارەت بە قەزیەی منالان پرسیار لە ئازاد احمد کرا ولەم بارەیەوە زۆر تەئکید لەوە کرا کە روانگەی سەنتەر روانگەیەکی ئینسانیە و بیجگە لەمە هیچ جۆرە شتیکی تر لە بەرامبەر بە منالان لە لایەن سەنتەرەوە بە حساب نایەت.
جیگای ئاماژە پیکردنە کە هەر لە کاتی کۆنفرانسەکەدا پیشانگای فۆتۆگرافی منالانی عیراق و رەسمی دروست کراو لە لایەن منالانی عیراقەوە نمایش کرا کە سەدان کەس لە بەشدارانی کۆنفرانس بینیان و هۆکاریکی باش بوو بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە وەزعی منالانی عیراق.
شیاوی باسە تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە وەفدی سەنتەر لە وولاتی یابانە و لە دیدارو چاو پیکەوتنەکانی بەردەوامە.
2006/2-1
تۆکیۆ – یابان